# ئێوارەیەک ئەو نایەت

شیعر

شیرین. ک

2003

ئێوارەیەک ئەو نایەت

بابەت: شیعر

نووسینی: شیرین. ک

نەخشەشازی: سۆران رەفعەت

بەرگ: دیاری محەمەد

تیراژ: 500

چاپی یەکەم: 2003

سلێمانی

(ئەو)دەڕواتولەم باخچەیەدا نامبارێنیٚ

(1)

بەهێواشی
ئەودەرگایە بترازێنە
باگوڵەکان نەژاکێن
ئاونگەکان نەوەرێن
تۆ نازانی لاواندنی
گوڵە کێوییەکانی سەر ئەم
جەستەیە
چەند ئەستەمە!؟



لەسەرخۆ
پێی راستت بخەرە نێو
باخچەکەوە
با ئەژدیهاکەی زەمەن بێدار نەبێ
چ شەڕێکی دۆراوە
هاوڕێم
بەشمشێرێکی تەختەوە
موبارەزەی, ئەو ئەژدیهایە!!
بەئاستەم
وە ژوورکەوە
نەیان شێوێنێ
ئەوگوڵانە
نەیان وەرێنی
ئەو ئاونگانە
نەکا رۆژێ پەپوولەیە
رێهەڵەکاو
رێی تێکەوێ!

(2)

کەیەکەمجار هات

(ئایندەیەکی زێڕینو

ریزێ رەشبەڵەكو

دیوانە شیعرێك)مان

بەین بوو

بۆیە لەماڵئاواییا

نەقشێکی مۆری

لەسەرلێوم

جێهێشتبوو..

دواجار

کەهات

(رابردوویەکی بەردینو

سوپایەك لەوەهمو

کتێبێکی پیرۆز)مان

بەین بوو

بۆیە کەرۆیشت



تەنیا یەك جگەرەی

پاکەتە پڕەکەی

بۆ جێهێشتم!!

(3)

یادەوەرێکانم بوونە هەڵم

رابردووش هەورە هاوینەیە

جار جارێ

بەخەونەکانما گوزەر دەکاو

نام بارێنێ

تەنیا جارێ خۆرهەڵاتنم دی..

ئیدی خۆری من گیراو

چ خۆر ئاوابوونێکم

نەدی!

ماڵئاوا..مالئا..وا..ماڵئا..وا..

ماڵئاوایی مردنێکی چ کپە

ئیدی تەنیایی ئەبەدییە

ئەوەش:

دواپێکەنینو

دوا ماچو

دوا بینینە

٭هەموویان لەئامێزی رابردووا

راکشان

کێ دەزانێ رابردوو کامەیە

کێ ناڵێ من رابردوو نیمو

ئەو راستەقینەیە؟!

مناڵێ لە ناخمایەوگەورە نابێ

وێڵی راوە مەلی زەمەنە

مەلی زەمەن

بەمناڵان نەبێ راوناکرێ

خۆشەویستیت

گەمەیەکی چەند مناڵانەیە

تاوێ خۆشم دەوێیو

تاوێ نا

جارێ لێت رادەکەمو



جارێ نا

وەلێ قەدەرمانە:

هەر دەست لەشاری موحیبەت

دەدەین

(4)

گومانەکانم

بەبادەدەم

هەڵەکانم

ئەدەم بەدەم ئاوەوە

گوناحەکانم

دەنێژم

تاوانەکانم

ئەسووتێنم

خاڵی لە:گومان,هەڵە,گوناح,تاوان

من مرۆڤم؟!

ئەو فرمێسکەی بۆت نەڕژا

(هاوڕێ)★ گیان کاتێ ژیان دەبێتە چاوەڕوانی ئەو ئازیزانەی کۆچی ئەبەدییان کردو لەسەفەری هاتو نەهاتا بزربوون یان ڕێگەی دڵمیان هەڵەکردو گلان... لە خەوبینین بەولاوە چی ترم دەسەڵاتە...چی؟

دەرگای ماڵی ئەم خەونە ئاوەڵایە
هەموو ساڵێ
لەم شەوەدا.. تۆ لەوێوە
لەلابۆرەکانی عەرعەرەوە



زنجیرەکان دەپسێنی و ..
بەتیشکی ستارە گەشەکانی بیابان
نەکا مانگ لە ماڵ نەبێت
چی خوێن و برینو خۆڵ هەیە
دەیشۆیتەوە
چی تاڵی سپی سەرتە
خورمایی دەبێتەوە
هەموو حەوتی ئایارێ
لەدەرگای شەوێکی بێ ژمارەو
بێ کلیلو بێ قفڵەوە
دیێت و لەبەردەرگای حەوشە ئێستێ دەکەی
تۆ لاوێکی هەژدە ساڵانیو بەیانێکی کۆمەڵەت پێیە..
کە دەگەیتە دالانەکە
دەبیتەوە بە مێرد منالە سیازدە ساڵەکەی

رەسمێکی گوگوشی

لێ ون بووەو بۆی دەگەرێ..

کەپێ دەنێیتە هەیوانە

دوورو درێژەکەی

ماڵە خۆشە کۆنەکەمان

-تۆ کوڕە ژیکەڵە، نۆ ساڵانە

هاروهاجەکەی قوتابخانەی خالیدیەی

دیسان لە(بیرکاری)دا (دە)ت

وەرنەگرتووە

هەر بە راکردن

دەرگای راڕەوە فێنکەکە

پاڵ دەدەیو

دەبیتەوە

بەمناڵە پێنج ساڵانە

پاڵتۆ سوورەکەی رەوزەی سلێمانی و

وڕك دەگری و ناتەوێ ئەمرۆش



بۆ رەوزە بچی...

کە دەرگای هۆڵە گەورەکە دەترازێنی

-تۆ مناڵە

سێ ساڵانە قژ ئاڵتونی‌یە

چاوگەشەکەیو

منیش کچۆڵە, شەرمنە، بەستەزمانە

هەشت ساڵانەکەو

قردێلە سوورەکانی هەردوو پرچم

دەکەمەوەو

لەمەچەکتی گرێ دەدەم

ئەو یاری‌یە زۆر ساکارەی

جاری جاری، جاران

دەکەینەوە

کەتۆ دەبوویتە کارە سپیو

منیش گوڵو گیای

ئۆرتە ڕەنگینەکەم

دەكردە دەشتو سەیرانو
پێم دەوتی : گدی گدی كارە سپی...
كە دەگەیتە ئاستم و
باوەشت دەكەم..
دەبیتە مەلۆتكەیەكو دیلانێت پێدەكەم
دایكم بەپەلە لێم وەردەگریو
باجیش هەڕەشەم لێدەكا؛
گەر ئاقڵ نەبی **000** دەیبەنەوە **000**؛
هەموو جاری
لەو دەرگا گەورە گەورانەی خەونەوە
شەوانە دێنە ژووریو
دەتبەنەوە
ئەم دڵە پر هەنسكەم
دەڕژیو
سەرینەكەم شەڵاڵی فرمێسكی دەبی
تێر بۆت نەڕژا



لە چەند چركەیەكی خەوبینینا
بە خێرایی تیشكی
بە پلەكانی تەمەنتا
لەبەرچاوم گەورە دەبیو منالْ دەبیەوە..
گەورە دەبیو كاكۆڵە ئاڵتونیەكەت
دەبێتە كلووی بەفرو
بەدەنگێكی قرخن ئەناڵێنی...
منالْ دەبیەوەو
قژە خورمایی‌یەكەت
یەك پارچە، وەكو تەڵا دەبریسكێتەوە
بە دەنگی ئەو مەلانەی، بەدارلاستیكەكەت
راوت دەكرن
قاقا، پێدەكەنی، عەجوولانەو بێباك
شووشەی ئەم دڵە زامدارەو
خەونەكانم وردوخاش دەكەی..
هەردوو چاوم پڕدەبی

لەتیشکی کزی ڕۆژێکی تری

خۆڵاوی عومرو

ئیتر ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ..

سامی مەرگو

سوێی دووریو

بێهودەیی چاوەڕوانی

دەرگاکانی، تەنانەت

خەونیش

کلیلو

قفڵو

کڵۆم

دەدرێ!

*(هـــاوڕێ)مەبەســـتم هـــاوڕێی برامـــە کەپێشمەرگەبوو, لەئەنفالە بـەد ناوەکـەی ئایـاری (1988)دا بێ سەروشوێن کرا.

بزربوون

هەموو خۆرهەڵاتنێ
لە پێستم یاخی دەبم
لە رەنگی پرچوسەدای دەنگم
سەر بە ماڵی(ئەو)و
کووچەوکۆڵانەکانی (ئەوان)دا
دەکەم
شەقاموتوولەرێیەکانیان
تەیدەکەموبزرنابم
هەموو خۆرنشینێ
بۆ ماڵی(من)دەگەڕێمەوە



بۆ شاڕێگاکانی یادەوەریو
کۆشکەکانی عیشقی(تۆ)

دێمەوە
منوتۆ
دەبینەوە بەیەكو
ئیدی بزر دەبم

# دوو پێناسە بۆ عەشق

(1)

ئەوسا
حەزت لە حیکایەتومەتەڵ بوو
حیکایەتەکانی دڵداریت
ئەزبەر دەکردو

دەگرییات
مەتەڵت
بۆ ژیان دائەهێناو



پێدەکەنیت
ئێستا
(هەر دەڕۆیتونایگەیتێ)
عەشق
سێبەرێکەو
لەبەرت هەڵدێ
هەر دەڕۆیتونایگەیتێ

(2)

چەند ترسناکە عەشق
چەند ساویلکەوکاڵفامە عاشق
لێدەگەڕێ
ڕۆحی خۆی
لە جەستەی (ئەو)ی دیدا
ئۆقرە بگرێ
بـــژێ،
بمرێ!

ئەوە دەستمە..

کەئاگری جەهننەم
بۆ ئەم جەستە پڕ گوناحە
شالآو دێنێ
دەستمە بێ هودە
بەرگری دەکاو
بێ هودەش دەسووتێ..
***
دەستی چەپم
کەپەڕەیە کاغەزی سپیبوو



لەتشرینێکی وەك بەهارا
لەپەڕینەوەی شەقامێکا
یەکەم پیتی تەماسی
دەستی پیاوێکی مەزنی لەسەر نووسرا
(ئەو پیتە ئەڵقەیەکی زێڕینە، بۆ ئەبەد
لەپەنجەی براتووتە نابێتەوە)
دەستی راستم بوو
لەتاریکی ئێوارەی
شوباتێکی زۆر زستانا
دوی سێ وەرزی خەزان
لێوی جەنگاوەرێکی ماندوو
خونچەی هەر پێنج پەنجەی
گەشانەوەو
شیعر نووسینی بیر خستەوە..
(ئەو خونچانە گەشانەوە تاسەبەتەی
دیوانێکی پڕکرد لەگوڵ)
جارێکیان..

لەمدیو گشت وەرزەکانەوە..
هەردوو دەستم
پێکەوە
فرمێسکی پیاوێکی نامۆیان دەسڕی
کەدوا ماچی پێش ماڵئاوایی
لەنێوان هەردوو
دەستما ناشت..
(ئەو ماچە گوڵاڵە سوورەیە، بەهارانێ،
لەبەردەڵانی دڵما،
شین دەبێتەوەو هەر زووش هەڵەوەرێ!!)
هەمیشە
دەستمە
سڵاو ونامەو گوڵ دەگرێ..
فرمێسكو
شیعر
دەنووسێ
گەر خۆشەویستی هەڵەو



عیشق گوناحو
حەز تاوان بێت
ئەوە دەستمە
سڵاو بۆ خۆشەویستیو
نامە بۆ عیشقو
گوڵ بۆ حەز
دەنێرێ
فرمێسکی دابڕان دەسڕێ
شیعر بۆ تەنیایی دەنووسێ
وەلێ ئەوە قەت
دەستی من نییە
کۆتایی بەحیکایەتەکانی
عیشق دێنێ..
بۆیە کەئاگری جەهنەنم
بۆ ئەم جەستە پاگیزەیە
شاڵاو دێنێ
ئەوە دەستمە

دەبێتە جووتێ عەنقاو

لەبری

هەموو جەستە پڕ گوناحە

پاکیزەکان

دەسووتێو

ناش سووتێ..

ئابی 2000

ئێوارانی ئەو..

(1)

نەیزەکی حەزی تۆ
بەرگەی خۆری گیانم ناگرێ
لەیەکەم چرکەی فیڕاقا
رۆحت مەستی ویصاڵەو
رۆحی منیش
فەنا دەبێ..
(سەهۆڵبەندانی نەخشەی جەستەم
دەتوێتەوە)



(2)

لەتەقە تەقی پێڵاوەکانا
ترپەی پێت دێو
دەترسم
لەقاقای پیاوەکانا
هاڕەی پێکەنینەکەت
دەناسمەوەو
دڵم ئەلەرزێ
لەپڕ لەنێو دەنگەکانا
دەنگێکی ئاشنا دێ
گوێ هەڵئەخەم
(من لەپشت ئەم هەموو دیوارانەوە.. تەنیا
دەنگە بەتۆم ئەگەیەنێ)

(3)

پەنجەرەیەکم ناوێ
گەر تۆی تیا نەبی
گوڵێك لێ ناکەمەوە

گەر نەزانم تۆ بۆنی ئەکەی

ئەم سوراوەش لەلێونادەم

گەر دڵنیا نەبم

دوای کەمێ تامی دەکەی

(هەموو شتەکان دەبێ لەتۆوە دەست پێ

بکەن‌و بۆتۆ بگەڕێنەوە)

(4)

دەستت لەبۆشایی کورسی‌یەکا

راخستبوو

چاوەڕوانی عەشقێ بووی

بەسەر چووە

کەسێك بووی

قەت نایە

چاوم بەنێو خەتەکانی

لەپی دەستما دەگەڕێ

بۆ عەشقێ تێپەڕی

بۆ کەسێك



قەت نەهات..

(نەهات, نایە, نەهات, نایە..)

(5)

لەنێوان دەستی تۆو

شانی منا

ناشوێن‌و

ناکات‌و

ناماقووڵ هەیە

لەشوێن بپەڕێوە

کات تێشکێنە

(ماقووڵ)یش

بۆ ژن‌و پیاوە ماقووڵەکان

بەجێ بهێڵە

ئەو ئەوینەی

بەماقووڵی

لەشوێن‌و کاتا

جێی بێتەوە

لەنێوان دەستی تۆو
شانی منا
جێی نابێتەوە
(نا.. نە. نا, نە.. نا. نا)

(6)

دنیاکەم بێ سنوورە
کەتۆ دوور دەبی
هەموو شوێنێ بۆی هەیە
تۆی لێبی..
دنیاکەم
زۆر چکۆلە دەبێ
کەلێمەوە نزیك دەبی
نەلەدەستما رادەوەستی
نەلەچاوما ئۆقرە دەگری
زۆرن.. ئەو شوێنانەی
دەشێ تۆی لێ بیو
لێی نابی



(7)

گرمەی هەورەکان
زەنگی تەلەفۆنەکە
بانگم دەکەن
هەورەکان دەڵێن؛
باران دێو
زەنگەکەش تۆ
لەگەڵ یەکەم رێژنەی باراندا
دەگەیت
دوای خۆشکردنەوەی
بارانەکە
دەڕۆی
وەلێ چیمەنەکەو
گەڵای دارهەنجیرکە
پڕ دەبن
لەئاوەنگ
دڵیشم لەعشق

(8)

سەرما, شانەکانی لەشم دەبا
ئەوەی دەمێنێتەوە
پیرییە
بەرگە قوورسو تۆخەکەم
شیتاڵ شیتاڵ
دەکا
سەرما
خەونەکانم رەق هەڵدێنێ
پرچم ئەوەرێو
ئەوەی لەمنی
تەنیای
دەچنیەوە
تەنیا حەزێکی وردو خاشە

(9)

درۆیەکی چەند گەورەیە
کەپێم دەڵێی؛ بۆ ئەبەد خۆشم ئەوێی



راستییەکی چەند جوانە
کەپێت دەڵێم؛
لەوەتەی هەم
خۆشم ویستووی..

فرسەتیٚ

فرسەتێ ترم بدەرێ

ئەی مەرگ

با هەردوو دەستە تەزیوەکانم

لە نێو لەپی دەستیا گەرم کەمەوە

دڵە ماندووەکەی

لەنێو دڵما بحەوێنمەوە

فرسەخێ برۆ بەولاوە

ئەی مەرگ



با بۆ لای ئاسۆی هەنگوینی

چاوانی بفڕم

لێی دوورەوە کەوە ئەی مەرگ

بابێت

با هەر بۆ ساتێ زیاتر نا

چێژی فڕین داگیڕمان کاو

پێکەوە جارێکی دی

موتاڵای کتێبی سێو بکەینەوە

فرسەتێ ترمان دەوێ

با هەزار فرسەخ

مەرگ دوورەوەکەوێ

بۆشایی

بەیانییەو

دیسانەوە پەنجەم

بۆ ژمارەی تەلەفۆنەکەت دەگەڕێ

ئەلو.. رۆژباش

.. .. ..

بێدەنگی وەڵامم ناداتەوە

ساتەکانی بەیانیان

پەلەیانە

بەڕاکەڕاك



بەژاوەژاو

تێئەپەڕنو

ترپەی شێواوی دڵم نابیستن

ئێوارەیەو

جارێکی دی

پەنجەم بۆ ژمارەی تەلەفۆنەکەت

وێڵە؛

-ئەلو.. ئێوارەت باش

-.. .. ..

جەڕەس دەڕواوهاواردەکا

هاوارەکان

لە بۆشاییدا نوقم ئەبن

ساتەکانی ئێواران

پیروماندوون

چرکە, چرکە, تێئەپەڕن

دڵۆپ, دڵۆپ.. رۆحیماندووم

بەنێو بۆشایی

نێوان ئێوارەوبەیانیدا

پەرت دەبن!!

گۆرانی

**خۆئەزانم**

**ئەم دنیایە برینێکی**

**گەورەیەو**

**باخچەکانی گوڵی خەم ئەگرن..**

**من دڵنیام**

**دوای کۆچی مانگ**

**ئەم شەوانە چەند تاریکن**

**وەلێ**

**خۆری عیشقێ**

**لەرۆحما داگیرساوەو**

**گۆرانی بۆ ئەچڕم**



**ئەڕۆمو**

**خەمەکانم**

**بەبا ئەدەم**

**هاوڕێم دە پێم بڵێ:**

**چی لەم ژیانە خۆشترە چی؟**

**وێنەیەکی شکاوی..**

ئەمڕۆ

پەردە پەمەییەکانی عاتیفە

دائەدەمەوەو

پەنجەرەکانی چاوەڕوانی

پێوە ئەدەم

-با چاوانت هەر لەو ڕێگەیە بێت کە منی لێوە نایەم..-

سبەی



دەرگاکانی خەیاڵ قفڵ ئەکەمو

چراکانی یادەوەری دەکوژێنمەوە

-با زیندە خەونەکانت هەر لە من لێوان لێو بن..-

پاییزێ

کە ئاسمان پاش دابڕان

یەکەم ماچی زەوی دەکاو دەگری

لاولاوە مۆرەکە بە دەرگای حەوشەکەدا

هەڵەزنێ

-با تۆ هەر لە دوورەوە لەو دەرگایە بنواڕیو

قەت لێوەی نەیەیتە ژوورێ-

زستانێ

کە پیرەمەگروون تاجی بەفر

لەسەر دەنێ

ریشۆڵەکان جارێکی دی لەسەر دارتەلەکان

ریز دەبەستن

-بــا هــەردوو دەســت دوور دوور لــە دەســتەکانی مــن
بتەزن-

تۆ گەوهەرێکت هەبوو
نەفامانە بە متو مووروت
گۆڕییەوە

تۆ باخەوانی
باخی سێوی بەهەشتی بووی
گەوجانە
بەخشیتە کچە قەرەجێ
بۆ ماچێکی بۆدڕنی
پەنا دیوارێ
تۆ رۆژانێ
ئامێزت پڕ لەنوور دەبوو
گەزۆ لەسەر لێوانت
دەبارین..
تۆ شەوانێ
لە دەریای سۆزی
منا راوی مرواری خەونو



سەدەفی لەزەتت دەکرد
تۆ لە کانی حەیاتت خواردەوەو
دڵڕەقانە بەردت تێگرت
بۆیە

نە ئەمڕۆ
پەردە پەمەییەکانی عاتیفە لادەدەمو
نە پەنجەرەکانی چاوەڕوانی دەکەمەوە
نەسبەی
دەرگاکانی خەیاڵ واڵا دەکەمو
نە چراکانی یادەوەری پێدەکەم
نە پایزێو
نە زستانێو
نە هاوینێكو نە بەهارێکی دی
نە تائەو ساتەی
(بوون)بۆ ئەبەد زووقم ئەپۆشێ

هەر دەبێ

لەو کاتژمێرە زەبەلاحەی

زەمەن بنواڕی کە

رادەکاو

رادەکاو

ناگاتە جێ.. ناتگەیەنێتە هیچ جێ ژوانێ!!

**خۆ..ش..م..ئە..وێ..ی..**

تۆ لەپشت پەنجەرەی تاریکو
پەردەی تیشکەوە وەستاوی..
دەتبینم
دەستی سڵاوت بۆ نادیارێ
بەرز رادەگریو
زەردەخەنە دەبارێنی..
رەنگە بۆ من بێ.. رەنگە.. نا
من لەپشت پەنجەرەی بارانو
پەردەی تەمەوە
وەستاوم
نامبینی..



دەستی سڵاوم
لەنیوەی رێ
باران دەیباو
بزەم تەم دایدەپۆشێ
وەرە باچینە
ژێر ئەو بارانە
کێ ناڵێ ئەمە دوا باران نییە
وەرەو
بالە ژێر ئەو بارانەدا
مناڵانە راکەین..
راکەینو
بەهەناسە بڕکێوە
پێت بڵێم؛
خۆ.. شم.. ئە.. وێ.. ی
بەهەناسە بڕکێوە
پێم بڵێ
من.. ی.. ش..

دواخەون

لەپەنجەرە بچووکەکەمەوە
چەپکێ لەزەردەپەڕو
تەڵی ئاسۆیەکی نارنجی ئێوارێ
دەبینم
جگەریەکی تر پێدەکەمو
رۆژێکی تری تەمەنم
بەسەرابە بێکۆتاکانو
دووکەڵی جگەرەکەم دەسپێرم
-عەرافەکە درکی بەو کارەساتە نەکردبوو
قاوە گرەوەکە راستیی نەووت
کتێبی بورجەکانیش درۆی کرد
چ خەونێکی خراپیشم نەدیبوو
هەر دڵم بوو
هەر خۆی بوو بەتەنیا
ختوورەی خراپی دەکرد..
(لە نیوەڕۆیەکی گەرمی بەهارێکی
درەنگ وەختا



وەرە
خۆت بکە بەماڵەکەمدا..
بەقەد خونچە زەردەکانی
سەر کراسە رەشەکەم
ماچم کە..
منیش بەقەد ئەو رۆژو شەو
ساڵانەی دووریت
تێت دەڕوانم
لەپەنجەرە بچووکەکەی روانینمەوە
دەریایەك شەودەبینمو
تاشەو تۆخو تۆختر دەبێ
ئەستێرەکان یەکە یەکە پێدەبنو
ئەو خەیاڵاتانەی دەمکردن
دانە دانە دەکشێنو لەفەزادا
بزر دەبن
تۆش جارێکی دی
نەو، بۆ دواجار

دەکشێیتو

بەناو تاریکی زەینو

تەمتوومانی عاتیفەدا

ئاوا دەبیو وێنەیەکی

نازداری یادەوەریم بۆ جێدێڵێو

ئیدی نەخەیاڵم دەفڕێو

نەخەوێکیش دێتە ژووری..

چاوەڕوانی

هاوڕێیەکەم وتی؛

حەزم لەماڵئاوایی نییە

رۆژێ لەپڕێکا

ون دەبم.. دەڕۆم

یا دەمرم..

(وایە, پیاوان هەمیشە لەپڕێکا ون دەبن‌و ئەو دەمە

هیچ هیچ چاوەڕوانیان نین دێنەوە..)

ئەو-یش وتی:

من ئەو رۆژەی نایەمە

کەهەمووتان.. هەر هەمووتان



لەهەمووو وەختێك زیاتر

چاوەرێمن

(نا..

تۆ چیتر ئەو عاشقە سەر شێتە نیت

کەئێوارانی چاوەڕوانیت

دەبەزاندو بەنیچو بێدەنگی بەفرا دەهاتی

نا.. تازە من

هیچ رۆژێ چاوەڕوانت نیم

تر لەمێژە گشت ساتەکانی چاوەڕوانیت کوشت)

**ساتەکانی ئەو**

کەنیگات
لەچاوی (ئەو)رادەمێنێ
لەئاسۆی چاوانی منا هەڵدێ..
کەلێوت
تەسلیم بەلێوی (ئەو)دەکەی
چرپەکانت
ختووکەی گوێی من دەدەن
کەدەستێکت
لەکەمەری (ئەو)دا بەند دەکرێو
دەستەکەی ترت
لەبێشەڵانی پرچی (ئەو)دا



بزر دەبێ
ئامێزت بۆ لای من دەفرێو
باوەشت بەرەو لای من هەڵدێ..
بۆیە
ئەوساتانەی بۆ (ئەو)دەبی
عەشق قاچ دەخاتە سەرقاچو
لەلای سەرووی پێخەفەکەتەوە
پێکی تەنیایی تۆ هەڵدەداو
گاڵتەی بە (لەززەت، دێو ئەڵێ؛
باماڵەکەت بۆ (ئەو)و
مەملەکەتی دڵت بۆ (من)بێ
با، ناو وناوبانگت بۆ (ئەو)و
ناز ناوەکەت
بۆمن بێ..
با، گشت رۆژە کۆپیکراوەکان..
وەرزە کاغەزینەکان..
بۆ (ئەو)و

تەنیا وەرزی عیشقو
ئێوارانێ وەنەوشەیی
بۆمن بێ..
با، لەئاهەنگەکانی سەرکەوتنا..
فلاشی کامێراکانو
بزەیەکی تاڵو
دڵێکی ساردو
(ئەو)ت لەتەکابێت
وەلێ، لەماتەمەکانی
شکستی رۆحو
هەرەسەکانی یەقینو
نسکۆکانی گیاندا
فرمێسکی گەرمو
بزەیەکی شیرینو
شیعرێکی ناسکی منت هەبێت
باتەمەنی
بەمەرەکەب نووسراوی



سەر پێناسەکەت
بۆ (ئەو)و
عومری بەحەسرەت هەڵکەنراوی
سەر بێستوونی دڵت
بۆمن بێ
کەتۆ
ساڵو مانگو رۆژو شەوە
عاقڵو کامڵو سەلارو سەنگینەکانت
بۆ (ئەو)و (ئەوان)بێ
منیش هەموو خەونە
شێتو یاخیو سەرکێشو سەرچڵەکانتم
دەوێ
چونکە هەر (خەون)ە
یاساغ ناکرێ..
گومرگ ناکرێ..
سانسۆر ناکرێ..
دابەش ناکرێ..

# پەنجەکان

پەنجەکانت

دەگوڵە لاولاوی

سورو مۆرەو

بەپەیکەری سەهۆڵینی

جەستەما هەڵەزنێ

دوای قەدەرێ

تاڤگەیە گڕو

هەڵم و تەمێك

دائەبارێ..

پەنجەکانت



دەمۆمی

پەرستگایەکی ڤینۆسەو

لەدەوری پەیکەری خەڵۆزینی

جەستەم دەسووتێو

دوای هەناسەیەك

باوەشێ پشکۆو

گرێکی سوورو

خۆرێکی هاوینە هەڵدێ

پەنجەکانت

دە پۆل مەلی دەنگ خۆشی

گومناوەو

لەناو ڤژما هێلانە دەکەن و

دوای کۆچیان لەنێو کاسەی سەرما

سەدای پیانۆکەی

شۆپان دێ..

پەنجەکانت

هەر بۆ ساتێ

میوانی جەستەم ئەبن و

ئەڕۆنەوە

بەڵام دوای خۆیان

لەڕۆحما

گەرمیو رووناکیو

مۆسیقاو گوڵ

دەچێنن

**بێدەنگی**

ڕۆژێ دێ

چیتر لەنێو ئاپۆرەی خەڵك و

ڕێبوارانـدا بۆ باڵای

پیاوێ ناگەڕێم

کەزرۆم بیرکردووە

گوێ هەڵناخەم

بۆ دەنگێ بەئاوازەکەی

ئاشنابووم و

بەبیستنی دڵم دەکەوتە سەما

ڕۆژێ دێ



لەدەفتەری تەلەفۆنەکەما

جگە لەژمارەی دکتۆرەکان و

قاوەگرەوەو

فاڵچییەکان

چ ژمارەیەکی تری تیا نامێنێ

ڕۆژی دێ

نەبەرگی جوان و

نەئاریشتم ناوێ

شووشەی عەترەکانم بەتاڵ بەتاڵ

دەبنەوە

نەچاوەڕوانی ژوانێ دەکەم

نە ئەو پیاوەی خۆشی دەویستم

لەپڕێکا دێ

ڕۆژێ دێ

تەنیا دەبم

پیر ..لەبیر کراو

هەروەکو وێستگەیەکی چۆڵ

رۆژانێ پیاوانێك
هەر بۆ پشوویەك
لایان ئەداو
لەناكاوێكدا وون دەبوون
پیاوانێ جگە لەیادگاریی كاڵو كرچو
خەونی سوریالی و
ئەدگاری پەرش و بڵاو
چیتریان
بۆ جێنەهێشتم
ئەو ئەدگارانەی
چەند دەكەم بۆم كۆنابنەوە
ئەو خەونانەی نازانم لێكیان
بدەمەوە
ئەو یادگارییانەی
هێند كاڵن
نایانناسمەوە
رۆژێ دێ



دەمرم
لە بێدەنگیش بەولاوە
چیترم لەلانییە
هەر بەتەنیا
بیدەنگیو
بیدەنگیو
بیدەنگی

**عەشق.. مەرگ**

(1)

چەند بە وەفایە, مەرگ
قەت لەوادەی خۆی دواناکەوێ
چەند بێ وەفایە عەشق
هەر زوو وادەکانی لە بیر دەچێ
چەند راستگۆیە, مەرگ
ئازایانە, بە ناوی سیانی خۆیەوە
دێ
چەند درۆزنە, عەشق



کەبەرگی حەز دەپۆشێو
ناو و نازناوو تەمەنی
خۆی دەگۆڕێو
ئەوساش نایێ!!
چەند تەنیایە عاشق
کەتەسلیم بە عەشقێکی ئەبەدی
دەبێ..
گەردوون بێ ئەو عەشقە بوونی نابێ
چەند تەنیایە مەرگ
کە بەهاتنی
گەردوون چ بوونێکی نامێنێ
چەند پێکدەچن
عەشقومەرگ
چەند لێکدەچن چەند!!

(2)

لە عەشقت چەندە ماندوو و بێزارم
دڵی خاڵیم خەو دەیباتەوە

وەلێ کە دەنووم

دەرگای دڵم کلۆم نادەم

درزێ بەکراوەیی جێدێڵم

درزێ بەقەد جەستەی

لاوازی پەپوولەیەك

تا لێوەی وەژوور کەوێ‌و

زامدار نەبێ

ئەو خۆی وتی:

دەکرێ لە مەملەکەتی دڵتا

لەباخچەی پڕعاتیفەو میهرتا

سووچێکم بەرکەوێ؟!

(3)

زۆر ماندووم, دڵت بێنە

با سەرخەوێ بشکێنم

- نەکەی, دڵم زۆر لەوە رەقترە

تۆ لەسەری بخەوی..

**تەنها**

ئەی خوا

چەند تەنهام!

ئیتر بۆ لەتۆ یاخی بم؟

(لەداخی تۆیە هاوڕێم

کەحەز ئەکەم ئەو جەننەتو جەهەنەمە

راست بێ‌و

لەئاهی منا،

هەزار هەزار ساڵ بتسوتێنن!!)

هاوڕێم

بوونت تەنها ترم دەکا



ئەوە تەنهاییە

واملێدەکا

بەدووی تۆدا

یاخود دا وێڵ بم

(تۆ کەنەتوانی

تەنهاییم بڕەوێنیتەوە

ئەی بۆ لەتۆش یاخی نەبم؟)

تۆ کەنەزانی

تەنهاییم بڕەوێنیتەوە

بۆ تەنها ترم دەکەی؟!

**رۆژمێری عەشقێک**

**ڕۆژ ژمێرەکەم**
**پەڕە پەڕە دەکەم**
**ئەمە دوایین پەڕەیە**
**ئەمە دوایین ڕۆژو**
**دوایین بەیانی باشو**
**دوا شەو شادو**
**دوا چرکەیە..**
**چەند کورتە ساڵانی عەشقی منو تۆ**
**چەند سەیرە پێکەوە بوونو جودایی منو تۆ**
**نە دوانزدە مانگەو**



**نە چلو هەشت هەفتەو**
**نە سێ سەدو شەستو پێنج ڕۆژە**
**ساڵی عەشقی منو تۆ**
**خاڵییە**
**لەڕۆژو**
**هەفتەو**
**مانگ**
**ساڵی عەشقی منو تۆ**
**هەر بەساتو چرکە نەبێ**
**ناژمێردرێ**
**ناپێورێ**
**ساڵی عەشقی منو تۆ**
**بۆیە ساڵان تێدەپەڕنو**
**هەر ساوایەو**
**هەر سەوزە**
**عەشقی منو تۆ**

## تەنها

ئەی خوا
چەند تەنهام!
ئیتر بۆ لەتۆ یاخی بم؟
(لەداخی تۆیە هاوڕێم
کەحەز ئەکەم ئەو جەننەتو جەهەنەمە
راست بێو
لەئاهی منا,
هەزار هەزار ساڵ بتسوتێنن!!)
هاوڕێم
بوونت تەنها ترم دەکا
ئەوە تەنهاییە
واملێدەکا
بەدووی تۆدا
یاخود دا وێڵ بم
(تۆ کەنەتوانی



تەنهاییم بڕەوێنیتەوە
ئەی بۆ لەتۆش یاخی نەبم؟)
تۆ کەنەزانی
تەنهاییم بڕەوێنیتەوە
بۆ تەنها ترم دەکەی؟!

پەنجەکان
پەنجەکانت
دەگوڵە لاولاوی
سورو مۆرەو
بەپەیکەری سەهۆڵینی
جەستەما هەڵەزنێ
دوای قەدەرێ
تاڤگەیە گڕو
هەڵمو تەمێك

دائەبارێ..

پەنجەکانت

دەمۆمی

پەرستگایەکی ڤینۆسەو

لەدەوری پەیکەری خەڵوزینی

جەستەم دەسووتێو

دوای هەناسەیەك

باوەشێ پشکۆو

گرێکی سوورو

خۆرێکی هاوینە هەڵدێ

پەنجەکانت

دە پۆل مەلی دەنگ خۆشی

گومناوەو

لەناو قژما هێلانە دەکەنو

دوای کۆچیان لەنێو کاسەی سەرما

سەدای پیانۆکەی

شۆپان دێ..



پەنجەکانت

هەر بۆ ساتێ

میوانی جەستەم ئەبنو

ئەڕۆنەوە

بەڵام دوای خۆیان

لەڕۆحما

گەرمیو رووناکیو

مۆسیقاو گوڵ

دەچێنن

سوێند

سوێند دەخۆم,
چیتر خۆشم ناوێ..
قسەی رەق‌و پڕ غەزەب حازر دەکەم,
کە هات, واو, وا دەڵێم,
کە دانیشت, ئاواو ئاوا دەکەم
سەیری ناکەم
وەکو ژنێکی کامڵ
هەڵس‌وکەوت دەکەم



کەچی هەر دەر لەحزە
کچێکی بزێوی جرپن
لەناخمەوە دەست دێنێ
سوراوەکە لە جانتاکەم
دەردێنێ‌و
تۆخ تۆخی دەکاتەوە
عەیارانە دەچپێنێ:
کچێ نەکا لە پڕێکا بێت

★★★

سوێند دەخۆم:
چیتر چاوەڕوانت ناکەم
پەردەکەش لانادەم
گوێ بۆ دەنگەکان هەڵناخەم
لە زەنگی تەلەفۆنەکەش
داناچڵەکێم
کەچی هەر دەر لەحزە
عاشقێکی هەرزەکار

لەناخما دەگری

کە گوێی لە گۆرانییەکی

عەشق دەبێ

★★★

سوێند دەخۆم:

لە خەونەکانم وەدەرت نێم

بۆیە شەوانە

پێش نووستن

کێڵگەی خەونەکانم

بە ئایەتەلکورسیوفاتیحا

(مین ڕێژ ئەکەم)

نەباداوخوانەکردە

شەیتانی نیگایەکت

زەفەرم پێبەرێ..

کەبەیانی بەخەبەر دێم

لە هەموو ڕۆژێ زیاتر

بیرت ئەکەم!!

پەرتبوون

-نا جارێکی دی
ئەو دەرگایە ناکەمەوە
ئەوە دەرگای دۆزەخە
گۆشتی کاڵم
ناخەمە سەر خوانی
شەیتانەکانی وەهم‌و..
نا، دەرگا لەئیبلیسەکانی ئارەزوو ناکەمەوە..
-نا، ئەو دەرگایەی
باڕەشی لێوە دێ
بە کلۆمکراوی دەیهێڵمەوە..



ئا ئەو دەرگایە بزمار رێژ دەکەم
کەلێوەی پێیە زلەکانی
خیانەت دێنە ژوورێ
-نا، ئەو دەرگای دۆزەخە
لەدوای خۆمەوە
بەکراوەیی جێناهێڵم‌و
بەتووندی بەیەکیا ئەدەم
با وێنە رزیوەکانی
سەر دیواری ساڵانی
نەفامی‌و گێلی‌و سادە دڵیم
بەر ببنەوەو هەڵوەرێن
-نا جارێکی دی
لەو دەرگایەوە
نایەیتە ژوورێ‌و
ناچیتە دەرەوە..
★وا جارێکی دی
ئەو دەرگایە دەکەمەوە

ئەوە دەرگای بەهەشتە..
گوڵە کێوییەکانی
جەستەم دەگەشێنەوە
وا دیسانەوە
ئەو دەرگایە
لەپەرییەکانی خۆشەویستیو
حۆرییەکانی عەشقو
غیلمانەکانی لەززەت دەکەمەوە!!
با ئەو دەرگایەی
نەسیمی حەیاتی
لێوە دێ بەکراوەیی بیهێڵمەوە
با ئەو دەرگایەی
هەنگاوە پیرۆزەکانی
موحیببەتی لێوە دێنە ژووری
ئاوەڵا بێ..
نا.. ئەو دەرگای بەهەشتە
بەدوای خۆما



قەت داناخەم
با هیچ نەبێ
درزێکی تیابێ
نەکا رۆژێ وەکو سروەیێ
تیشکێ
یا خەیاڵی دوای پێکی شەرابێ
خەونێکی قووڵی بەربەیانێ
بەئەسپایی
بێتە ژووری
-نا، نا.. جارێکی دی ئەو دەرگایە ناکەمەوە
ئەوە دەرگای دۆزەخە
★وا دیسانەوە ئەو دەرگایە دەکەمەوە
ئەوە دەرگای بەهەشتە
ئەوە دەرگای بەهەشتە یا دۆزەخ!
-ئەوە منم.. منی کچی پەلکە زێڕینە..
لەتێکم رەشەو لەتێکم سپی؟
-ئەوە منم خۆمم.. منی (با)زادە

دیوێکم ئاگرەو دیوێکم ئاو؟
-کامیانە دڵم؟
ئەوەی شاعیرێکی گومڕا
بەسەرخۆشی ونی کرد؟
یا ئەوەی وا بەیەخەی موحاریبێکی
دێرینەوە
بێئاگا لێی سیس بووە؟
یان ئەوەیان دڵی منە
کە لە کتێبی مەنفایەکدا وشکبووە؟
خۆ رەنگە ئەمەبێت
وا لەسەر لەپی دەستی راستمەو
لێدەداو خوێنی لێ دەچۆڕێ!
یان ئەم سێوە سوورەی
ناو لەپی دەستی چەپمەو
بریقەی دێ
بۆنو بەرامەکەی
ئادەمە رێبوارەکان



ئادەمە چڵێسەکان
ئادەمە وەکو من تەنیاکان
سەرمەست دەکا
بۆ چرکەیێ
ساتێ.. ساڵێ.. دەساڵ
لێی دەڕوانن‌و
تێدەپەڕن
هەمووی تێدەپەڕێ
تیژڕوە
رۆژە بەهەشتێو شەوە دۆزەخیەکان
شەوە بەهەشتیو رۆژە دۆزەخیەکان
(دەرگای بەهەشتێ دەکەمەوە
دۆزەخێ گوڵ دەگرێ
دەرگای دۆزەخێ پێوە ئەدەم
گوڵی بەهەشتی هەڵوەرێ
دەرگای دۆزەخ دەکەمەوە
گوڵەکانی بەهەشت هەڵەوەرن

دەرگای بەهەشت پێوە ئەدەم

دۆزەخەکان گوڵ ئەگرن!!)

دۆزەخ

بەهەشت

بەهەشت

دۆزەخ

ئاگر.. ئاو.. ئاو.. ئاگر

ڕەش.. سپی

کامیان منم؟!!

کامەیانە دڵم؟!!

پایزی ئاڵتونی

بەیانیان
وەڕسی بەنێو ژوورە چکۆلەکەمدا
ئەمسەرو ئەوسەر دەکاو
نایەڵێ دڵم بسرەوێ
گەڵا سوورباوەکانی
سەر شووشە هەمیشە
تۆزاوییەکانی پەنجەرەکەش
نە تاقەتی وەرینیان هەیەو
نە شنەبایەکی فێنکیش
دەیان وەرێنێو



نە زەردەزیڕە عەجوولەکانیش
وەکو جاران دێنە ژوورێ

ئێستا ئێواران
تەنیایی میوانێکی رەزاقورسەو
لەژوورە نیمچە تاریکەکەمدا
پێکەوە
لەیەك پیاڵەدا
چای ساردەوەبوو
دەخۆینەوەو
بەشەریکی
یەك جگەرەی
ستۆك دەکێشینو
بۆ ئەبەد
گوێ لە (پاییزی تەڵایی)دەگرینەوە
ئێستا بەیانیانو
ئێوارانیش

بێهودە بیرت دەکەمو

تۆش بەئەنقەست

هەر بەئەنقەستناییەت

## حیکایەتێکی کۆن-ی نوێ

هێشتا نیوەی  شەوە
حیکایەتەکەش تەواو
شەهرەیار بێدارە
کەڵەشێرەکە جارێ خەوتووە
جەللادەکە حازرو ئامادەیە
کێ بەفریای شەهرەزاد ئەکەوێ ،کێ؟
کێ بەیتێکی دڵداری پێدەڵێ
بەیتی عەشقێکی گڕگرتوو
لەتەك ئەستێرە گەشەی



ئێوارەدا هەڵهات و
لەگەڵ مانگیشدا ئاوا بوو..
کێ بەهانای شەهرەزادەوە دێ کێ؟
کێ لاوکێ
حەیرانێ
حیکایەتێکی بۆ دەبێژێ
حیکایەتی
عەشقێکی نەمر بێ
پایزان گەردەلوول بیباو
بەهارانێ
لەمەرگ ڕابێ

بووڵێڵە
حیکایەتەکەش
بەردەوامە
شەهرەیار وەنەوز ئەیا
کەڵەشێرەکە ڕێوی خواردی

جەللادەکەش
بەمۆبایل موغازەلەی
کچە بێدارەکانی شەو دەکا

وابەیانەو
حیکایەتەکە لەلووتکەدایە
وەلێ کەسێ نییە
گوێ لەشەهرەزادو
حیکایەتە خورافیەکانی
عەشق بگرێ..

**ژنێك له‌ پووشوو**

من ژنێکم لە پووشوو
ئەو پیاوێکە لە رەشەبا
من بەم هەموو پووشووە
زەردباوە
زڕکفتییە
وردوناسکەی خۆمەوە
ئەویش بەو هەموو
شێتیو
بێباکیو



پەخشوپەرێشانو
پەرت پەرت دەکا
سەرشێتانە
بێباکانە
بەوپەڕی غرورەوە
دەستەکانی
دەمی, کونی چاوی
گیرفانی, باخەڵی
لەو پووشووە زەردباوە

غرورەی خۆیە
لە ناکاو هەڵدەکاو
دەرگاو پەنجەرەکانم ئاوەڵا دەکا
هێڵی راستو چەماوەوبازنەو
سێگۆشەو پێچولوولی منی پووشوو
پەرشو
بڵاو و

زڕكفتییە ورد وردو

ناسك ناسكە

پڕ پڕدەكاو

ئیدی وەكو رەشەبایەك نا

وەكو شەماڵیش نا

هەر وەكو شنەبایەك

سروەیەك

گـــــــــــــوزەر

دەكاولەناكاوێكا

هەڵدەكاتەوەو

گوزەر دەكاوهەڵدەكاتەوەو..

# پێڕست


ئـــەودەڕوات و لـــەم باخـــچەیەدا
نامبارێنێ 0000000000000000000 7

ئـــەو فرمێـــسکەی بـــۆت
نـــەڕژا
000000000000000000000000000000000
16 0000000

بزربـــوون
000000000000000000000000000000000
000000000000000000000000000000000
26 0000000

دووپێناســـە
000000000000000000000000000000000
000000000000000000000000000000000
30 000

ئـــەوە
دەســـتمە
000000000000000000000000000000000
34 00000000000000000000000000000

ئێـــوارانی
ئـــەو
000000000000000000000000000000000
42 000000000000000000000000000000000

فرســـەتێ
000000000000000000000000000000000
000000000000000000000000000000000
52 0000

بۆشـــایی
000000000000000000000000000000000
000000000000000000000000000000000
56 00000000

گـــۆرانی
000000000000000000000000000000000
000000000000000000000000000000000
62 000000000

وێنەیـــەکی
شـــکاوی
000000000000000000000000000000000
66 0000000000000000000000000

خۆش..م..ئەو..ێ..ێ 74

دواخەون 78

چاوەڕوانی 84

ساتەکانی

ئەو 88

پەنجەکان 94

بێدەنگی 100

عەشق..

مەرگ 106

تەنها 112

ڕۆژمێری

عەشقێک 116

سوێند 120

پەرتبوون

00000000000000000000000000000000
126 00000
پایزە
ئاڵتونی
00000000000000000000000000000000
0000000000000000000000000000000
136
حیکایەتێکی کون–ی
نوێ
00000000000000000000000000000000
140 000000
ژنێک
لەپووشوو
00000000000000000000000000000000
146 0000000000000000000000000